## دیمانه ی سیروان و محه مه د نوری ئه دیبی موکریانی:

نه ته وه ی کورد زیاتر به شی به حه قی ژیان و به هره وه ری له شه رافه تی ئینسانی هه یه

حه ممه د نووری له دایك بووی 1305 ی »گڵولآن«ی سه ربه شاری بۆکانه. ژیان و چالاکی ئه ده بی و فه رهه نگی و کۆمه ڵایه تی هه ر له ته مه نی گه نجییه وه ده سپێکردووه. به باشی ئاگاداری رووداوه کانی کوردستان و به تایبه ت ئازه ربایجانی رۆژئاوا و موکریانه له ساڵانی ده یه ی 20 ی هه تاوییه وه هه تا ئه م ساڵانه ی دوایی. هه ر چه ند پیری به ری ده رکه ی پێگرتووه به ڵام بیری تیژی زۆر بیره وه ری و رووداوی تاڵ و شیرینی له زه ینیدا تۆمار کردووه. میرزا موحه ممه د نووری به رله شورشی ئیسلامی ساڵی 57 ، وه کوو هه ڵبژارده ، نوێنه رایه تی خه ڵکی بۆکانی له مه جلیسی شۆرای میللی وه ئه ستۆ بووه . که یوان یاری هاوکاری سیروان له بۆکان گفت و گۆیه کی چر و پری له گه ڵ ئه و به ڕێزه ئه نجام داوه که به شی ئه وه ڵی پێشکه شتان ده کرێ.

حه ممه د نووری له دایك بووی 1305 ی »گڵولآن«ی سه ربه شاری بۆکانه. ژیان و چالاکی ئه ده بی و فه رهه نگی و کۆمه ڵایه تی هه ر له ته مه نی گه نجییه وه ده سپێکردووه. به باشی ئاگاداری رووداوه کانی کوردستان و به تایبه ت ئازه ربایجانی رۆژئاوا و موکریانه له ساڵانی ده یه ی 20 ی هه تاوییه وه هه تا ئه م ساڵانه ی دوایی. هه ر چه ند پیری به ری ده رکه ی پێگرتووه به ڵام بیری تیژی زۆر بیره وه ری و رووداوی تاڵ و شیرینی له زه ینیدا تۆمار کردووه .میرزا موحه ممه د نووری به رله شورشی ئیسلامی ساڵی 57 ، وه کوو هه ڵبژارده ، نوێنه رایه تی خه ڵکی بۆکانی له مه جلیسی شۆرای میللی وه ئه ستۆ بووه . که یوان یاری هاوکاری سیروان له بۆکان گفت و گۆیه کی چر و پری له گه ڵ ئه و به ڕێزه ئه نجام داوه که به شی ئه وه ڵی پێشکه شتان ده کرێ .

* شێوه ی ئێوه بۆ نوسین و خوڵقانی شێعرێك چۆنه و یان ئه و کاته ی داری هزرو بیرتان چرۆی شیعر ده رده کا چ ده مێکه؟

- بۆ ده ربرینی هه ستی ده روونم و سه رنجی بازاری قه ڵب و ناڕه واجی رۆژ. هات و کات دێته گۆڕێ. یانێ کات و هاتێك که بزه یه کی باوێته سه رلێوانم یان چزه یه کی دڵ سووتێن به رداته گیانم. ئه و کاته یه که ئێش و ئۆفی ده روون به ڕبه و پێوانه ی وشه و مانا به راورد ده که م و له ته رازوی شێعرو هۆنراوه دا هه ڵیده سه نگێنم. جا ئه ویش به واتای خۆتان (چرۆی شیعر) نییه چزوی مه ینه ته له ناخی گیانی نه حه جمیوی خۆم ده ریده کێشم و ده ڵێم:

چلۆن ده دوێنێ دونیا لێوی دووڕواوم
له کزی ده نوێنێ واته م هه ستی خنکاوم
ئه وه نده چاوه ڕێی پێکهاتی مام
له گۆڕیشدا ده ڵێم با لێك نه نێم چاوم

* ئه رکی شیعر چییه؟ به بڕوای ئێوه شیعر ده توانێ گۆڕانکاری بنه ره تی له نێو کۆمه ڵدا به دی بێنێ؟

- به باوه ڕی من شاعیر ده توانێ و له باوو وزه ی دا هه یه که به هه ستی هه نگێوه ی خۆی بناغه دارێژی بنچینه و بناوانی دیمه نی جوان و رازاوه ی ژیانی دڵخواز له نێو نه ته وه و کۆمه ڵی خۆیدا بێ، زمانی شێعر سرودێکی یه زدانی و نیدایه کی ئاسمانییه که رێنوێن و هه ست بزوێن بێ. ده نا ئه فسوونێکی ئه هریمه نییه که مانه وه و ژیانه وه ی نه ته وه ی

بدۆرێنێ؟! له دنیای ئه ورۆدا كه به ره ی به شه ر، به ره و ژیانێكی هه راوتر هه نگاو هاوێژه شاعیر نابێ ریساله تی خۆی له پێناوی خوان و خوانچه ی خواجات و نانی دیوه خانی به گ له رو هه ر خۆناسان بنێ. به ڵێ من به شاعیر ده ڵێم:

شیعرێكم ده وێ زمانی ساغ بێ
بۆ زاری نه یار وه ك شیشه ی داغ بێ
شیعرێكم ده وێ نه یفرۆشی به نان
نه یكه یه به پێخور ماست و تۆراغ بێ
شێعرێكم ده وێ بێ پێچانه وه
بۆ شانی زه مان تێلاَو په یاغ بێ
شێعرێكم ناوێ شان هه ڵته كێنێ
هه ڵپه ركێی نه یار گه رم دابێنێ؟

یا هه ربه و جۆره ی پیره مێردی نه مر ده فه رمێ:

له سه ر هه ر كێوی شێری تێخۆرێ
ناوچه رگی هه موو دوشمنان ببرێ

...ناڵێم شاعیرم به لاَم له گه ڵ شیعرو ئه ده بیات نێوانمان خۆشه. شێعرم خۆش ده وێ، زۆر كۆنه په رست نیم ئه مما هێنده ش باوی هه نگاوم به ره و شێعری ئازاد خۆش نییه. كاتێك شێعری نوێ یان شێعری ئازادی هه ندێك له هۆنه ره نوێخوازه كان ده خوێنمه وه ئه گه ر تێبگه م شاعیر ده ڵێ چی؟ و ده یه وێ چی بدركێنێ زۆرم پێ جوان و دڵگیره. به لاَم هه ر له و ته رازه دا هێندێك هۆنراوه ی وا ده بینم كه هۆنه ر هێنده په نای بۆ وشه ی ناوێچوو (غیرمشبه) و ئیستیعاره ی نابه رابه ر بردووه لام وایه بۆ خوێشی له رێك و پێكی وشه و مانای شێعره كه ی دڕدۆنگ ده بێ. لێره دا نامه وێ له باره ی شوێنه وار و رێبازی ئه م دوو شێوه هۆنراوه یه بدوێم جێگای ئه م باسه مه ودایه كی درێژتری ده وێ.

به باوه ڕی ئه منی گێژی كۆنه وێژ شێعر له قاڵبی ناسراوو دارێژراوی خۆیدا شتێكه وه ك ریازی، هه نده سه ، مه نتیق. ئه مانه هه ركامیان له چوارچێوه ی دیاریكراوی خۆیاندا دێنه گۆڕێ. ئه گه ر به پێی گۆرانكاری زمان و نوێخوازی پێویست له سه ر بارودۆخی ناسك خه یاڵی و شیرین و تاڵی تامی شێعری نوێ بكه یه وه، ئه وه له به ر دڵاَنه و باخچه ی گوڵاَنه. ده نا ئه گه ر وه ك چه په ری شر له رێسه چوو له سه ر گرێژنه ی خۆی ترازا بۆ به ده و نه ئاشی. هه ركی و زازا پێی ده ڵێن شێعری سپی وه ك به قوله ره شه ی ده ڵێن خواجه كافور!

ئه گه ر لاوه نوێخوازه كانی ئه ده ب و فه رهه نگی زمانه كه مان ئاوڕێك له رابردووی ئه ده ب و فۆلكلۆری له مێژینه ی خۆیان بده نه وه ده بینن ئه وه ی ئه ورۆ ئه وان ده یدروونه وه و به رهه می لێوه رده گرن داچێندراوی موچه و مه زرای پێشینه كانه. مه گه ر به ندو باوه كانی ئازیزه، پاییزه، گه لۆ، حه یران و نابنه رچه و بابه گه وره ی شێعر و هۆنراوه ی نوێ و ئازاد و سپی؟ یان ده ڵێین ئه وه ی له به ر چاوانه له به ر دڵاَنه.

* به رێزتان جگه له شێعر له به ستێنی چ هونه رێكی دی دا كارتان كردووه؟

- ئه گه ر هونه ر بریتی بێ له وێنه گری، نه قاشی، په یكه ر تراشی و مۆسیقا، به شم له هیچیان دا نییه. ئه گه ر مامۆستایی و ده رس گوتنه وه و موعه لیمی و ته ربییه تی بێچوه دێهاتییه كان و منداڵه لادێیه كانم به نێوی هونه رێك بۆ بقه بڵێنی كه زیاتری ده وره ی ژیانم له و رێگایه دا بردۆته سه رێ ئه وه چاكه. ده نا ده بێ پێم بڵێی زلی بێ هونه ر.

* مامۆستا نووری وشه له ئاسه واره كانی ئێوه دا چالا ك و به رچاون، وه ك مێوورۆنه. ئه رك و شوێنی وشه له شێعر و ده قدا چلۆن هه ڵده سه نگێنی؟

- كه ره سه و ئامرازی هه ره پێویستی شیعر و نووسراوه ته نیا وشه یه و وشه یه مانا هه ڵده به ستێ و وتار ده رازێنێته وه. ئه من له و مه ڵبه نده ی تێیدا ژیاوم (موكریان) و به و زاراوه ی پێی دواوم، ده دوێم و ده نووسم. هه ر ئه و زاراوه ده س كاری نه كراو و له بێژینگ دراوه

یه كه ئێستاش پیره پیاوه كان و پیره ژنه كان له قورنه و قوژبنی دێهاته ته ریكه كاندا پێی ده دوێن. دیاره ئه گه ر هۆنه رو نووسه ره كانی ئه م مه ڵبه نده له به ستێنی هه ڵبه ست و نووسراوه كانیاندا له مرواری وشه ی موكریانی خۆیان كه ڵك وه رگرن نیازیان نابێ رسته ی به یاناتی خۆیان به گۆی ماملیكه ی داتاشراوی ئه م و ئه و بهۆننه وه. به واتای خۆتان وشه ی (مێوورۆنی) زاراوه ی موكریانی له شانی دایه بیكه یه شه م و شه وچرای دیوان و باره گای شێعرو نووسراوه كان. بۆ وێنه لێره دا ئاوڕ ده ده ینه وه هۆنراوه ی هۆنه رێكی كه نزیكه ی په نجا ساڵ له مه وبه ر بێ ئه وه باسێك له شێعری كۆن و نوێ هاتبێته گۆڕێ له سه ر ده قی شێعر به هۆی كه ڵك وه رگرتن له وشه ی ره سه ن چ تامێكی هاوێشتۆته ده قی شێعره وه كه ده ڵێ:

له ئامێزی غه می دووریتی ده گرم
هه تا باوه ش ده با ئه ژنۆی شكاوم
ده با بگری هه تا ماوه له سه ر دڵ
زنه كێشی خه فه ت پالێوی چاوم
له پێ چاڵی ته نین بێ رایه ڵ و پۆ
مه كۆكێكی خولی هه ودا پساوم
چ رێك و پێك به بێ كورتی و درێژی
كراسێكم به به ژنی غه م براوم

ئه من لێره دا ده مه وێ ده وڵه مه ندی و بێ نیازی زمان و زاراوه ی موكریانی یانی زمانی هه ژار و هێمن و ... بۆ وشه ی ره سه ن باوێمه به ر زه ین و زمانی هۆنه ره لاوه كان و نووسه ره كان كه واته به ماناوه، ماناش به كه ڵك وه رگرتن له وشه ی ره سه ن و له جێی خۆیدا نووسراوه ی ده ره نگێنێ به لای منه وه. هۆنراوه ی سه ره وه نموداریكه له رێك و پێكی رسته و وشه و مانای راگه ین. له زاراوه ی موكریانیدا ده ڵێن هه موو گیانله به رێك بێچووی خۆی خۆش ده وێ به لاَم ژوشك له هه موان پتر كه ده ڵێ ئۆخه ی بێچوه نه رم و نۆله كه م؟ ره نگه لێره دا هێندێك پێیان وابێ ئه من به رچاو ته نگانه بۆ پاراستن و په ره ستنی زاراوه ی خۆمالی بوومه ژوشكه كه.

* مامۆستا بۆچی هه وڵتان نه داوه دیوانی شیعره كانتان بلاَو كه نه وه؟

- بۆ وه لاَمی پرسیاره كه ت ده گه رێمه وه سالاَنی 26 و 27ی هه تاوی، ده ورانی رژیمی شایه تی كه كوردی نووسین و به كوردی ژیان باسی سه ر بوو. هۆنه رو نووسه ر و ده مبزێوه كانیان به نێوی سه ر بزێوو موتاجاسیرو ماجه راجۆ هه ڵیان ده بڕین و به شاخ و كێو و هه نده راندا ده یانره تاندن. له و هه ڵبڕین و دابڕینه یدا بوو كه سپیاره ی هۆنراوه كانم و نووسراوه كانی بیره وه ری له به سه ر هاتی ولاَت و مه ڵبه نده كه مان له ته ندوور خران و سووتان. به ره هه می خه له و خه رمانی دیوانم وه به ر هه ڵمه تی سووتمانی دێوان كه وت. مافنگی مامه وه، ئه وی ساندبووم دامه وه. ئه گه ر هێندێك هۆنراوه ی كۆن مابێته وه یان به ده ستی ئه ده ب دۆستانه وه ده یانبینمه وه یان له ده ره وه له روی رۆژنامه ی كوردستان و گۆڤاره كانی دیكه ی ئه و كات چاپ كراون و ماون به ته مام وه ك به شی خوراوو ماڵی دزراو به كرده وه و كۆششی ئه ده ب دۆستان له نێو گۆڕێ بێنه وه گۆڕێ. وه كوو ده بینین و ده زانین نه ته وه ی كورد له هه ر مه ڵبه ند و ولاَتێكی كورده واریدا كه ده ژین له هه ر هۆزو كۆزێك بن به بیرو هه ستێكی پته وی رووناكبیری و نیشتمان په ره ستی، ره گه زو ره سه نی له مێژینه ی خۆیان پاراستووه و راگرتووه. به تایبه ت له ئێراندا كه خۆیان به بنه ماڵه ی هه موو تیره كانی كورد و ره چه ڵه كی به ره ی ئاریایی نژاد له تیره ی ماد ده زانن و زنجیره ی پێوه ندی ره سه نی خۆیان بێ پسانه وه گه یاندۆته ئه مڕۆ. یانێ رۆژگارێك كه باسی وت وویژ له مه ده نییه ت و فه رهه نگی ئه قوام و مله ل هاتۆته گۆڕێ. دیاره نه ته وه یه كی وا كۆن و باستانی كه 2500 ساڵ پێشینه ی ژیانی خۆی له هه موو هه ل و مه رجی ناله باردا وه پشت سه رێ ناوه ئه گه ر

وت و وێژی (تمدن ها و فرهنگ ها)ی بۆ بکه نه به ڵگه و قه واڵه ی حه قی ژیان، نه ته وه ی کورد زیاتر به شی به حه قی ژیان و به هره وه ری له شه رافه تی ئینسانی هه یه.
* شێعری ئه ورۆی کوردستان به تایبه ت کوردستانی ئێران له دیدی ئه نگۆوه چلۆن هه ڵده سه نگێندرێ؟
- کاتێك باسی ئه ده ب و فه رهه نگی خۆماڵی له کوردستانی ئێراندا دێته پێشێ، ده بینین تاقمێ له هۆنه ران و پێنووس بگیران ئه رکی خۆیان ده به ستێن و بناوانی شێعری کلاسیك دا و له کاناڵی که نداوی نوێخوازی شیعری ئازاددا به پێی هه لوومه رجی زه مان ئه دا کردووه و
هر کس به زبانی صفت و نعت تو گوید
بلبل به سراییدن و قمری به ترانه
به لاَم ده بێ شاعیر ریساله تی تایبه تی خۆی له به رچاو بێ که له ده قی شێعر و هۆنراوه دا په یامی پێویستی زه مان به زمانێکی ره وان و راگه یین باوێته به ر زه ینی بینه ران و بیسه رانی نه ته وه ی نیازاوی خۆی. به داخه وه هێندێك هۆنراوه ی هۆنه ره نوێخوازه کان ده بینم که له شێعری »معما«ی برێك له شاعیره کۆنه وێژه کان دووره ماناتره. لام وایه مه به ست و مانای هۆنراوه نابێ له پێچ و په نای خوازه ڵوکی وشه ی ناوێچوو و بێ جێدا خۆی حه شارداو وه ك دیمه نی مانگی نوێ له نێو هه ورو ساودا هه وبێ؟ هه ونه بێ؟ به باوه ڕی من شیعری کلاسیك یان شێعری نوێ له هه ر زاراوه و زمانێك دا کاتێك له باری شێعرییه وه تێروته سه ل و پاراوه که پربه پێستی نیازو خواست و ویستی نه ته وه یه ك بێ که تێیدا ده ژی و پێیه وه ده ژین. ده کرێ له قاڵبی کۆندا تازه وێژ بی و کۆنه که ی تازه که یه وه و ده کرێ به زمانی نوێ میراته کۆنه که ی خۆت بلاوێنییه وه.
* »شاعیر ده بێ زمانی تایبه تی خۆی بدۆزێته وه« بیروڕاتان سه باره ت به و بۆچوونه چۆنه؟
- ئه وه ی که ده گوترێ شاعیر ده بێ به زمانی تایبه تی خۆی شێعر بڵێ مه به ست ئه وه یه: شاعیر بۆ ده ربرینی هه ستی ده روونی خۆی ده بێ ره وشت و شێوه یه کی تایبه تی خۆی ره چاو بکا. له فارسی زمانانداوه کوو فیرده وسی، نیزامی، سه عدی، قائانی، مه ولانای رۆمی و له ناو زمانی کوردیدا وه کوو مه وله وی تاوه گوزی، ناڵی، وه فایی، شێخ ره زا تاڵه بانی، هه ژارو هێمن، گۆران و حاجی قادری کۆیی. ئه مانه هه رکام به زمانێکی که پێی دواون بۆ ده ربرینی بیروباوه ری خۆیان، رچه و رێبازێکی تایبه ت و لێك جوێیان هه ڵبژاردووه و بێ ئه وه ی ئێمه دارو له له و خه ت و نیشانیان بۆ دامه زرێنین. هه رئه وه یان ده لاَندووه که زه رف تێیدایه و به تێروانین و سه رنجێکی وردبینانه له ئاکار و وتاری شاعیر ده رده که وێ که زمانی تایبه تی خۆی (شێواز و رێباز)ی له باسی میللی گه رایی و نه ته وه خوازی یان ئه وین و دڵداری یان سۆفیگه ری و عیرفان یان ئامۆژگاری و رێنوێنی هه ڵبژاردووه و خوێنه ری به روونی بۆ مه به ستی تایبه تی خۆی بانگ ده کا.
* شاعیرێك که شاره زایی به سه ر چه ند زماندا هه یه به بڕوای ئێوه ده توانێ به و چه ند زمانه شێعر بڵێ و شێعره کانی چۆن ده بێ؟
- شاعیر یان بڵێین هۆنه ر به هه ر زمانێکی که به باشی بیزانێ و له وزه و توانای دا بێ ده توانێ و جێی خۆیه تی هۆنراوه و نووسراوه ی خۆی به و زمانه بڵێ و بنووسێ. بۆ وێنه له شاعیره کورد زمانه کانی خۆمان وه ك مه لا مارفی کۆکه یی، شێخ ره زا، ئه ده ب (میسباحه دیوان) به کوردی و فارسی و ترکی و عه ره بی شێعریان وتووه و هۆنراوه ی زۆر رێك و پێکیان له و زمانانه دا هه یه. هۆنه ر و هۆنراوه ناکرێ له چوارچێوه ی ره نگ و سنوور و مه رز و نیژادا گه مارۆی ده ی وه ك چۆن شاعیرێك له م باره یه وه ده ڵێ:

تۆ فیرده وسی ویکتۆرهۆگۆی
تۆ لامارتین یاخۆ خواجوی
تۆ گۆرانی و ئه ستێره ی کوێ
دنیا ده ڕوا، کوا تۆ ده ڕۆی

شاعیر لە روانگە ی کۆن و نوێ و زمان و زە مانە وە یان رە نگ و نە ژادە وە لە بێژینگ نادرێ و دە ڵێ:
سی پارە ی *** بە شە ر
بیروزانست و هونە ر
لە دە ورانی کۆن و نوێ
بە شیرازە ی تۆ ئە دوێ
* بە بڕوای ئێوە نێوبە دە رە وە بوون، هاوواتای سە رکە وتووبوونە؟
- ئامانجی شاعیر لە رووکردن و وە دی هێنانی هۆنراوە کانی بە مە بە ستی سە رکە وتن و نێو دە رکردن نییە. هە روە ك چۆن ئاماژە م پێکرد هۆنە رچێشکە و چێژێکی تایبە تی خۆی بۆ دە ربرینی هە ست و خوستە کە ی هە یە. هە رئە و چێژ و ویستی دە روونییە هە ڵیدە پێچێ بۆ دە ربرینی ئە وە ی لە دڵیدایە و شە پۆلان دە داو سە رریژی دە کا. سە رکە وتن و نێوبە دە رە وە یی بە بە ژن و باڵای هۆنراوە کە بڕاوە. لە سە ر هۆنە رە وە ك عە رە ب دە ڵێن: »لاننظروا الی من قال انظروا الی ماقال« مە ڕوانە کێ؟ وتوویە بڕوانە چی وتراوە. نووسراوە و هۆنراوە یە دە بێتە پارە سە نگی تە رازووی هە ڵکێشان و داکێشانی هۆنە ر یا نووسە ر. زۆرکە س لە هۆنە ران لە کاتی ژیانی خۆیاندا نێو و شۆرە تێکی نیشانکە ردیان نە بووە، پاش نە مان و مردنیان لە دڵی زە ماندا ژیاونە وە. بە و پێوە رانە ی کە ئاشە وانی زە مان دایمە زراندووە. ئاش لە سە ر تە وە رە و بتە ی خۆی دە گە رێ یانی هۆنە ریش بە پێی بیروهە ستی خۆی دە مرێ و دە ژێتە وە؟! چە ندە جێی شانازییە لە ژیانا مردن و لە مردنا ژیانە وە. وە ك خۆشناوە کانی لە خاك خزاوە کانی خۆمان کە ئێستا لە دڵی میللە تا ئە ژین.
* باسی قە یرانی بە دیهاتووی نێوان شێعر و شاعیر دە گە ڵ میللە تا بکە ن؟
- نامە وێ دیپلوماتانە پرسیارە گرینگە کە ت شێو کە م و وە ردی دە مە وە. چون ئە و هە ویرە ئاوی زۆری دە وێ ئە ویش لە بێ ئاوی و ویشکە ساڵیدا و لە حاڵی ئاش بە تاڵی خۆمدا بۆم ناشێلدرێ تا نانی گە لاَ گە لاَ بۆ سە ر سفرە و خوانی خوێنە رە خۆش چێژە کانی (سیروان) بکە مە دیاری. شاعیر و هۆنە ر چ لە و دە ورانە ی دا کە دنیا پێشێل و مۆڵگە ی زۆرداران و خوێن خۆران و جە ببارانی زە مان بووە چ لە م دە ورانە یدا کە عیلم و سە نعە ت و تیکنولۆژیا لە بە رە ی بە شە ر وە ژوور کە وتووە و دیمە نی حە زو ناحە زی خۆی بە خێر و شە رە وە خستۆتە پێش چاوان و لە بە رهە می چاکە و خراپی بە شدارین، خوو و خدە و عاتیفە ی شاعیر و هۆنە ر لە هە موو دە ورانێکدا و لە هە موو هە ڵکە وت و خول و گە ڕانێکدا ئە سپاردە و ریسالە ت و ئە رکی ئینسانی خۆی بە پیشانگای نە تە وە و هۆزو کۆڕێکی کە تێیدا ژیاوە ئە دای کردووە. ئاسە وارو ئاکاری هۆنە رە رابردووە کانی مێژووی کۆن لە بارە گاو دیوانخانە ی دیوانە کانیاندا بۆمان دە گێڕنە وە، چیبیان گوتووە، چۆن هە ستی پاك و خاوێنی خۆیان لە بە رابە ری بێ عە داڵە تی و رە وشتی ناحە زدا ئە گە قە سدە سە ریش بێ بە لە خۆبووردن و گیانبازییە وە دە ربڕیوە و دیواری عاتیفە و هە ست و دڵۆثانییان هە رە سی زە مان نە یتوانیوە بیکێڵێ لە هە ستی خۆشە ویستییان لە رزۆك بکا. مە گە ر ئە و عاریزانە ی کە تیکنۆلۆژی لە بابە ت پێماڵ کردنی هە ستی عاتیفە وە بە سە رخوو خە سڵە تی ئینسانییاندا سە پاندووە، توانیویە تی تۆزێك لە پاراستنی عاتیفە و رێنوێنی و رێبە ری هۆنە ر بۆ رە وشتی چاك کە م کاتە وە؟ یان زوڵمە تی زوڵم تارمایی بە سە ر دیواری بکێشێ.
یار در خانە و ما گرد جهان می گردیم.
بڕوانینە رە وشتی رووناکبیر و شاعیر و هۆنە رە کانی هاوچە رخی نە تە وە یی لە هە موو مە ڵبە ندە کوردنشینە کانمان وە ك حاجی قادری کۆیی، پیرە مێردی نە مر، گۆران، هە ژار، هێمن، ئاوات. ئایا شتێك توانی بە رهە ڵستی درکاندنی ویستی دە روونیان بێ؟ بۆ درکاندنی ئە و پێویستە کە دە بوو بیڵێن و بینووسن و رایبگە یێنن. دڵنیابە هە رچە ندە تکنۆلۆژیا سە رکە وتووتر و حە ساندنە وە تر بێ، رێگای ماددی خۆی دە بڕێ و عاتیفە و مە عنە وییە ت و خە

سڵه تی ئینسانی به ره گه ی خۆی هه یه. ئاویان به جۆگه یه کیدا ناڕوا و ئه گه ر دنیای عیلم و تکنۆلۆژیا و سه نعه ت به هه موو به ره که ت و به هره یه کی که نه سیبی به ره ی به شه ری کردووه چرای عاتیفه و خۆشه ویستی تێیدا نه گرێ، دنیایه کی تاریك و ئه نگوسته چاوه. ده بێ به ده سته کوته ده رو دیوارو قوژبنی ژیان بپێون تا نه دۆڕێن.

* ئه ورۆ ده به ستێنی ئه ده بیات و هونه رو به گشتی یاساکانی باوی نێو کۆمه ڵی کورده واری، شێوه یه ك خۆبواردن له بابه ته سوننه تییه کان ده بیندرێ. ئه و مه سه له یه چلۆن هه ڵده سه نگێنن؟

- ئه وه شتێکی سروشتییه. به شه ر له درێژایی و به رینایی ژیانی خۆیدا به پێی فام و شعوری خواپێداوی هه ڵوه دای ژیان و به رێ چونێکی خۆش تر و به رهه راوتر بووه، هه ر ئه و پێداویستیه به دووی هه ستی نوێخوازی و تازه ویستیدا راکێشی کردووه و ژیانی ده ورانی غارنشینی و دێوه زمه ی جه نگه ڵی و غولی بیابانی خۆی گه یاندۆته پله و پایه یه کی که ئه ورۆ به ته مای داگیرکردنی فه زاو سیاسه ت و که هکه شانهایه. به لاَم ئه و هێزو پێزی پێشکه وتن و سه رکه وتنه نابێ ببێته هۆی ماڵینه وه و پێشیل کردنی ره وشت و سوننه ته کان و یاساکانی نه ته وه ی پێشوو که پێیه وه ژیاون و پێی راهاتوون. هه رئه و شوێنه واره پێشه کیانه بوونه پایه و بناغه ی وه دی هاتووه کانی ئه ورۆ. به داخه وه خۆبواردنی ئه دیب و هۆنه ره لاوه کان و تازه پێداکه وتووه کانی نه ته وه ی کورد له یاساکان و سوننه ته کانی پێشوو له هه موو نه ته وه یه ك به رچاوتره. به تایبه ت له باره ی ئه ده ب و شیعر و هۆنراوه. ئه وه وانییه: که تازه هاته پێشێ کۆنه لاقی راکێشی! که ئاوڕێکی به ره و دوا بده ینه وه و بڕوانینه مێژوو نووسراوه کانی، دوا وه دیهاتنی ئایینی ئیسلام، ده بینین زاناکان و پسپۆڕه کانی نه ته وه ی عه ره ب بۆ به رژه وه ندی مه رز و سنووری رێك و ره وانی فه ساحه ت و به لاغه تی واژه کانی قورئان (که لامی ئیلاهی) وته و واژه ی له کارکراوی شێعرو هۆنراوه ی شاعیره کانی ده ورانی جاهلییه ت یانی رۆژگاری نه زانی نه ته وه ی عه ره بیان ده کرده میزان و مه حه کی فه ساحه ت و به لاغه تی که لامی ئیلاهی. کوا ره وایه ئه دیب و هۆنه ره لاوه کانی نوێخواز گورگه ئاوڕێکی له په یامه کان و راسپارده کانی هۆنه ران و شاعیرانی له خاك خزاوی خۆیان نه ده نه وه؟ ئه من لام وانییه ده سکردی گۆڕانکاری له نێو کۆمه ڵدا به و شێوه تایبه تییه به هره مه ندو رێنوێن بێ. پێم وایه وه ك بۆ خۆت ده ڵێی ئه وه شێوه یه ك هه لاَتن و راکردن له بارودۆخی ئیستایه و هیچی دی.

* به ریزتان زۆرتان سا ردی و گه رمی رۆژگار چه شتووه، ناتانه وێ ئه زموونه کانتان له ژیان بۆ نه وه و به ره ی دوارۆژ به چه شنی نئیسار ده ربێنن؟

- له ته مه نی 74 ساڵیدا ئه وه هه ناسه ی سوارم له ره که ی سینه دا ده هاژێ. هه وراز و نشێوی که ویره، رێی ژیان وه هه ناسه بڕکه ی خستووه. له م حاڵ و باڵه دا کاتێك ده ڕوانمه سه یر و سووڕو سه مه ره ی زه مان که له م مه ڵبه نده ی (ئازه ربایجانی رۆژئاوا)دا دیومه و به سه رم هاتووه و له شه پۆل و گێژاوی رووداوه کانیدا گێژم خواردووه و ده ست و پێم لێك داوه، ئه وه (دون کیشوت)ه به سه ری پێچراوو لاق و له ته ری هه ڵبه ستراو فڕێ دراومه وه نێو کفته تێك ته پیوه که ی 74 ساڵه که ی خۆم. ده بێ بڵێم به داخه وه هه ڵکه وته ناله باره کان و رووداوه ناکاوه کان، مه ودای ئه وه یان نه دامێ که ته رازنامه ی سوودو زیانی ژیانی پڕله ژانی حاڵ و رابردووی خۆم لێك ده مه وه و جێی که مه وه و نووسراوه گرینگه کانی به سه رهاتی خۆم و هاوڕێ نه مره کان هه روه ك دیوانی شیعره کانم له ته نووری رۆژگاری ره شدا سووتاو پرووکا. له مه ودوا نازانم پاشماوه ی ژیانه که م که وه ك زه رده ی رۆژپه ری ده م ئاسۆ له ئاوابووندایه ماوه م ده داتێ؟ وه ئه وه نده م مۆڵه ت ده داتێ وه ك پاڵه ی دواکه وتوو، بیره وه رییه کانم گوڵپه رێنێك بکه م و تێ بکشێم؟ ده نا هاوار ده که مه داهاتووه کان و ده ڵێم **** گه لی رێبواری دوامن دێن؟ هه رای ئه منی له کاروانان به جێ ماوه؟

* هه ژار، هێمن، خاڵه مین، سه ید کامیل، ته نانه ت کاکه سوار ئیلخانی زاده... ئه گه ر بیره

وه ریت له گه ڵ ئه وانه هه یه، بۆمانی وه گێڕه؟
- ئه م پرسیاره ت بیره وه ری تاڵ و سوێری له به ستێنی ویشکه رۆی ژیانی پڕ له ئاواتی پێك نه هاتوومی زیندوو کرده وه. لێم گه ڕێ با بۆخۆم لێودووراوو ده م قوچاو هه ر پیره رێبواره که ی له هاورێیان جێماوی دوێنی و ئه وڕۆ سووتاوه که بم که پێ به پێی ئه و هاوڕێیانه به ره و دووره دیمه نی ئاوات ده کشام و ده خۆشام. نه هه نگاوم شل ده بوو نه شه قاوم کول ده بوو. رکه و ره وه زم ده پێوا، رچه و ره وتی هه ست و خوستم نه ده شێوا. ئه وه نزیکه ی شه ست ساڵ له و که وت و ره وت و پێ پرکه یه تێده په ڕێ، هاواڵ و هاوڕێی و هاورازه کانم وه ك هه ژار، هێمن، ئاوات و... له و رێبازه دا دوایین بازگه ی خۆیان به ره و دنیای بێ ده نگی و حه سانه وه پێواو تێکشان! ئه وه ئه من، ئه منی نه پێگه یشتوو نه تامی ئاوات چێشتوو به ته نیا ماومه وه و ده ڵێم:
له سه ر شیعری ژیان وه ك داری چاکی
به ته نیا مامه وه بێ به رگ و بێ به ر
گه لێك بێ تین تره تاوی هۆمیدم
له زه رده ی رۆژپه ری مانگی خه زه لوه ر
کاکه گیان ئه گه ر بمه وێ بیره وه رییه کانی خۆم له گه ڵ هه رکامیان له و هاورێ نه مرانه بگێڕمه وه ده بێته به یتی بله و شانامه ی رۆسته م. دیاره شانامه باسه کانی قووڵتره له وه ی بله مه له باسکه ی تێدا بکا. خۆزگه سات و کاته که م بواری دابامێ بتوانم بیره وه رییه کی که له گه ڵ ئه و نه مرانه هه مه بگێڕمه وه به لاَم ئه و باسه ی هه ڵده گرین بۆ کاتێکی دی و لێره دا به زمانی حاڵ ده ردی ده روونی خۆم به و چه ند شیعره ی مه ولانا راده گه ینم و باسه که ی به س ده که م.
هرکه او از همزبانی شد جدا
بی زبان شد گرچه دارد صد نوا
بالب دمساز خود گر جفتمی
همچو نی من گفتیم ناگفتنی
من چگونه هوشدارم پیش و پس
چو نباشد نور یارم پیش و پس
چونکه گل رفت و گلستان درگذشت
نشنوی زان پس ز بلبل سرگذشت
* سروشت، ئه وین، خۆشه ویستی یان ئازاره کانی ئینسانی و رۆچوون بۆ نێو ده روونی مرۆڤه کان له به رهه م و شیعره کانی ئێوه دا چۆنه؟
- له و گۆڕاره به نرخه دا، رواڵه ت و نێوئاخنی هۆنراوه کانم هه ست و خوست و داوامی داوێته زه ینی خوێنه ره وه. هه روه ك خۆت ئاماژه ت پێ کرد هه ستی من ئینساندۆستییه، نه ته وه ویستییه، نیشتمان خۆشه ویستییه. له وکاته وه که زمانم به گوروگاڵی هۆنراوه کراوه ته وه، له و کاته وه که (یك حرف و دو حرف بر زبانم الفاظ نهاد و گفتن آموخت) په پووله ی ئه وین و دڵداریم له درێژایی ته مه نم دا به ده وری شه می شه وگاری نه ته وه و نیشتماندا گه ڕاوه، سووتاوه، زیندوو بۆته وه. ده مه وێ تا دوایین هه ناسه ی ژیانم هه ر به و هه سته سه ر بنێمه وه.

http://www.sirwanweekly.com